# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## دوازدەهەم را پۆرت: گرفتی کەمی ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندنی گەرمیان

**ئەیلولی ٢٠١٨**

١/١٠/٢٠١٨

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی

٢. کارنامەی یەکەکە

٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئاڵەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە برپارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: ڕاپۆرت


١. دەستپێک

٢. ئامار

٣. فێرخوازان چۆن باسی ئاستی زانستی مامۆستایان دەکەن

٤. مامۆستایان چۆن باس لە ئاستی زانستی خۆیان دەکەن لە ناوەندەکانی خوێندن؟

ێ. قۆناغی بنەڕەتییەکان

ب. قۆناغی ئامادەییەکان

٥. ڕای بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لەسەر توانا و ئاستی زانستی مامۆستایان

ێ. بەڕێوبەرانی قۆناغی بنەڕەتیەکان

ب. بەڕێوبەرانی قۆناغی ئامادەییەکان

٦. سەرپەرشتیاران ڕۆڵیان چیبوە لە پەرەدان بە ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن؟

٧. ڕای بەڕێوبەرانی پەروەردە لەسەر ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن

**١.دەستپێک:**

ئاستی زانستی مامۆستایان بە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت و لە ئێستاشدا دابەزینی ئاستی زانستی یەکێکە لە گرفتە دیارەکانی کەرتی پەروەردە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی چ لە لایەن خودی مامۆستایان خۆیان و چ لە لایەن کەرتی پەروەردەوە وەک پێویست گرنگی بەم بوارە نادرێت.

سەرەڕای بونی چەندین سەرچاوە بۆ پەرەدان بە ئاستی زانستی مامۆستایان، بەڵام وەک پێویست گرنگی بەم بوارە نادرێت، ئەمەش کاریگەری هەیە بۆسەر فێرخوازان کە نەتوانن وەک پێویست لە بابەتەکان تێبگەن، لەگەڵ ئەوەش قەیرانی دارایی هۆکارێکی تری دابەزینی ئاستی زانستی مامۆستایانە و وایکردوە کە نەتوانن وەک پێویست رو لە ناوەندەکان بکەن و وانەوتنەوە ببێتە کاری یەکەمیان.

**٢.ئامار**

بە پێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار و کفری بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٨_٢٠١٩، رێژەی مامۆستایانی پسپۆر لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بەم شێوەیە:

| ز | پەروەردەکان | ژمارەی مامۆستایان |
|---|---|---|
| ١ | کەلار | ٥٦٢٦ |
| ٢ | کفری | ١٢٢٥ |

❊ لە کۆی ئەو ژمارە مامۆستایەی لە سنوری پەروەردەی کەلار ٦٥ مامۆستا راژەکەی گواستوەتەوە بۆ شارەکانی دیکە.

❊ لە کۆی ئەو ژمارە مامۆستایەی لە سنوری پەروەردەی کفری ٥٠ مامۆستا راژەکەی گواستوەتەوە بۆ شارەکانی دیکە.

**٣. فێرخوازان چۆن باسی ئاستی زانستی مامۆستایان دەکەن؟**

سەبارەت بە ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن هەندێک لە فێرخوازان پێیانوایە ئاستی زانستیان تا رادەیەک باشە سەرباری ئەو دۆخەی پێیدا تێپەریون و هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە.

گۆران نەژاد حسێن، خوێندکاری پۆلی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە کەلار، دەڵێت: "هەندێکیان ئاستیان باشە، گەنجەکان سەرەتایانە و ئەزمونیان نیە و پیرەکانیش ئەوەنە دوبارە بوەتەوە لایان تاقەتیان لێی چوە و بە جوانی وانەکان نالێنەوە، چی لە ناو کتێبەکە بێت هەر ئەوەنە باس ئەکەن".

وتیشی: تا ئێستا بەس لە ئینتەرنێت هەندێک شت فێر بوم خۆم ئەگینا شتی دەرەکی باس ناکەن بەدەر لە مەنهەجەکە، هەر زانیاریەکانی ناو کتێبەکەیە ئەگەر شتێکی نوێ بێنێت ئەویش مەلزەمەیەکە هەرهی خۆیەتی، ئەویش شتی نوێی تێدا نیە هەر پرسیارەکانی ناو کتێبەکەیە.

بەهەمان شێوە، دەریا نەریمان قادر، خوێندکاری پۆلی دوانزەی وێژەی لە ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان لەئێستادا پێموابێ باش نییە، چونکە تەنها ئەوەندە نەبێت یاخود ئەو زانیاریانە نەبێت کە لە مەنهەج داهەیە بەکاری دەهێنن و باسی دەکەن، هەمو شتێکیان لەسەر مەنهەج بەڕێ دەکەن یان لەسەر کتێب و رێبەری وانەکە ئەڵێنەوە".

وتیشی: مامۆستایان کەمجار بابەتی دەرەکیان هێناوەتە ناو بابەتەکەوە، بۆیە بڕوام وایە هێشتا نەگەشتونەتە ئەو ئاستەی کەمەنهەجی دەرەکی بهێننە ناو دەرسەکەیانەوە بۆ پێدانی زانیاری بە خوێندکاران زۆربەی پشت دەبەستن بە مامۆستایانی دیکە یان هەر کتێبەکە.

هەندێک لە خوێندکاران باس لەوە دەکەن هەندێک لە مامۆستایان بۆ ئەوەی خۆیان ماندو نەکەن بە دوای زانیاری دەرەکی ناگەڕێن، بەڵام بە شێکیشیان بە پێچەوانەوەن.

هەودا ساڵەح کەریم، دەرچوی پۆلی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستاکانمان جیاوازە مامۆستامان هەیە هیچ یەک لە ئێمە کە لەپۆلداین نازانین باسی چی دەکات، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە مامۆستاکە خۆی لە بابەتەکە باش نەگەشتوە زانیاری تەواوی نیە تاوەکو ئێمە تێبگەیەنێت، مامۆستاشمان هەیە باش خۆی ماندوئەکات و حەقی تەواو دەدات بە بابەتەکان".

وتیشی: هیچ مامۆستایەکمان بەدەر لەوەی نوسراوە لە کتێبەکەمان زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکان باسناکەن بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە، بۆیە زۆرجار کە بابەتێک دەخوێنین هیچ سودێکی لێنابینین، چونکە ئێمە نازانین لە واقیعدا ئەو بابەتە سودی چیە کە ئێمە دەیخوێنین، بۆ نمونە ماتماتیک و فیزیا لەبەر ئەوەی مامۆستا نایەوێت خۆی ماندو بکات، زانیاری کۆناکاتەوە لەسەر بابەتەکان، هەروەها بەدەر لە کتێب تاوەکو ئێستا هیچ مامۆستایەکمان سەرچاوەی دیکەی بەکار نەهێناوە لەکاتی ڕونکردنەوەی بابەتەکان پێشی نەوتوین لە کتێبێکی دەرەکی یان سایتێکی ئینتەرنێتی بەدوای زانیاری بگەڕێین .

بەهەمانشێوە، بیلال محەمەد، خوێندکاری پۆلی دەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستاکانمان تا ڕادەیەک باشە، بابەتی دەرەکیش باس دەکەن هەندێکجار".

لاوازی ئاستی زانستی مامۆستایان تەنها لە قۆناغی ئامادەیی ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو لە قۆناغی بنەڕەتیش هەمان گرفت بونی هەیە و ئەوەی کە ڕۆژانە بۆیان باس دەکرێت تەنها باسکردنی مەنهەجی کتێبەکەیە.

دیار نەجمەدین فایەق، قوتابی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (ئیمام محەمەد)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستاکانمان باشن، بەڵام بابەتی خارجی کەم باس دەکەن، لە بری ئەوە نمونەی زیندو باس دەکەن، بەڵام سەرچاوەی دەرەکیمان نیە زیاتر باسکردنی کتێبەکەیە".

هەندێک لە قوتابیان باس لەوە دەکەن ئەو سەرچاوانەی کە مامۆستایان بەکاری دەهێنن بۆ پێدانی زانیاری بە قوتابیان چیرۆکێک یان مەتەڵێکە، ئەگینا بەدەر لە کتێبەکە باسی هیچ بابەتێکی دەرەکی ناکەن.

رۆژ محەمەد حەسەن، دەرچوی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفای)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە مامۆستا گەنجەکان ئاستی زانستیان باش نیە، چونکە تازەن و ئەزمونیان کەمە، بەڵام بە تەمەنەکان کاتی زیاتر و زانیاری زیاتر بۆ وانەکە تەرخان دەکەن".

وتیشی: مامۆستای بابەتە زانستیەکان کەمتر ئەتوانن باسی شتی دەرەکی بکەن، بەڵام وێژەییەکان زیاتر باسی ئەکەن.

**٤. مامۆستایان چۆن باس لە ئاستی زانستی خۆیان دەکەن لە ناوەندەکانی خوێندن؟**

ئەو هۆکارانەی کە بوەتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی مامۆستایان زۆرن، یەکێک لەوانە قەیرانی داراییە کە ئەو وزەیەی لە مامۆستایان وەرگرتوە کە بتوانن پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بە قوتابی بگەیەنن، چونکە وەک مامۆستایان خۆیان دەڵێن ناچارن کاری دیکە بکەن.

**ا. قۆناغی بنەڕەتییەکان:**

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن لەگەڵ قەیرانی دارایی هۆکاری دیکە هەن کە وایکردوە ئاستی زانستی مامۆستایان لەبری ئەوەی بەرزبێتەوە دادەبەزێت، ئەوانیش چالاکنەبونی سەرپەرشتیاران و بەدوادانەچونە بۆ ئاستی مامۆستا و نەکردنەوەی خولە بۆ مامۆستایان.

ساڵح حسێن مستەفا، پسپۆڕی عەرەبی لە قوتابخانەی (مرواری)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەلێت: "پێش قەیرانی دارایی رەوشی پەروەردە باش بو بەتایبەت کە لەلایەن وەزارەتەوە خولی شیاندن و بەهێزکردن هەبو بۆ مامۆستایان لە پسپۆرییە جیاوازەکان، ئەمە بوە هۆی ئەوە مامۆستایان ئاستی زانستیان باش ببێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی قەیرانی دارایی تەواوی ئەو پرۆسانە وەستا و ئاستی مامۆستایان و قوتابیانیش دابەزی، چونکە مامۆستایان وەک جاران بە دڵسۆزییەوە وانە ناڵێنەوە".

وتیشی: مامۆستا هەر ئەوە نیە کە زانستی پێبێت بەڵکو دەبێت شارەزای شێوازەکانی وانە وتنەوەشی هەبێت کە چۆن بتوانێت زانیاری بە قوتابی بگەیەنێت، چونکە ئەم قۆناغی تەحەمولی دەوێت، بۆیە مامۆستایان بەردەوام پێویستیان بە خۆ نوێکردنەوە هەیە.

دەشڵێت: لە ساڵانی پێشوتر سەرپەرشتیاران و پەروەردەش رۆڵی باشیان هەبوە لە ناوەندەکانی خوێندن و هەڵسەنگاندنی مامۆستایان، بەڵام لەگەڵ هاتنی قەیرانی دارایی ئەوانیش وەستان.

بەهەمان شێوە، ژیان محەمەد سەعید، پسپۆڕی ئینگلیزی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مەرزییە) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکان لە ئاستێکی مامناوەند دایە، پێویستە مامۆستایان ئاستی زانستی و هۆشیاریان بەرز بکەنەوە و بەردەوام بن چ خۆیان هەوڵ بدەن چ لە پەروەردەوە".

وتیشی: لە ساڵانی پێشوتر سەرپەرشتیاران سەردانیان دەکرد و هەڵسەنگاندنیان دەکرد و رێنماییان دەدا، بەڵام بەدواداچونیان نیە لە دوای ئەوە، ئەگەرچی ئەو سەردانانەشیان نەماوە.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن ئاستی زانستی مامۆستایان لە ئێستادا وەک پێویست نیە، بەڵام بەو مانایە نیە کە لاواز بن، چونکە هەر مامۆستا و بەپێی پسپۆڕی خۆی زانیاری پێیە.

سنور ساڵەح فەتحوڵا، پسپۆڕی بیرکاری لە قوتابخانەی بنەڕەتی (پشو) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستا بەشێوەیەکی گشتی وەک پێویست نیە، بەڵاَم بەومانایە نیە کە لاوازبن، واتە کەموکورتی تێدایە ئاستی زانستی بەرز و نزمیش بە پێی ئەزمون و حەزی تایبەتی مامۆستاکە دەگۆڕێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: هەروەها مامۆستایان بۆ پەرەپێدانی ئاستی زانستی خۆیان گرنگ و پێویستە زانیاری بەدەست بهێنێت، هەندێک لە بابەتەکان پێویستی بە شارەزای مامۆستاکە هەیە و دەکەوێتە سەر لێهاتوی مامۆستاکە.

وتیشی: جوڵاندنی لایەنی حەزی قوتابی بۆ بابەتەکە یەکێکیترە لە ئەرکەکانی مامۆستا، من وانە بە قۆناغی سەرەتای دەڵێم زیاتر هەوڵمداوە بە شێوەی یاری و بەکارهێنانی میکانۆ و کۆمەڵێک کەرەستەی مناڵ، هەروەها وێنە و کەرەستەی تر کە خۆم دروستم دەکرد وەک کاتژمێری کاغەزی و نوسینی ژمارەکان بە شێوەی کارت و چەند شێوازیکی تر بۆ رونکردنەوەی بابەتەکە بۆ قوتابیان توانیومە تا رادەیەکی باش بابەتەکە لە لایان خۆشەویست بکەم و منیش بە باشی وانەکەیان تێبگەیەنم.

بەشێک لە مامۆستایان بەدەر لەو مەنهەجەی کە دەیخوێنن گرنگی بەسەرچاوەی دیکە و دەرەکی دەدەن بۆ بابەتەکان بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر پێشکەش بە فێرخوازان بکەن.

هاوکار نوری عەبدولقادر، پسپۆڕی زانست لە قوتابخانەی (شۆڕشی)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئێمە بە شێوەیەکی باش هەوڵی خۆمان دەدەین کە ئەوەش لە دەرەکی دەیهێنینە ناو بابەتەکە خۆمان لەماڵەوە خوێندنەوەی بۆ دەکەین تا مافی قوتابی بدەین و بە باشی بابەتەکەیان پێبگات".

وتیشی: گۆرانکاری کردن لە مەنهەج کاریگەری زۆری بۆ مامۆستا نابێت، بەڵکو بۆ قوتابی خراپە، چونکە هەمو قۆناغەکانی خوێندن تەواوکەری یەکترین کە ئەچێتە پۆلێکی تر و بابەتی تر هەیە ئەمە بۆی قورس دەبێت، لەگەڵ ئەوەش چەن مەنهەج دەگۆڕێت هیچ خولێک نیە لەلایەن پەروەردەوە، من (١٠) ساڵە مامۆستام هیچ خولێکم نەبینیوە، هەروەها مامۆستایانیش بە دەستی خۆیانە کە چۆن ئاستی زانستیان پەرەپێبدەن ئەمەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەگۆڕێت، ئەگەرچی بە کۆی گشتی ئاستی زانستی مامۆستایان تا رادەیەک باشە.

هەندێک لە مامۆستایان هۆکاری کەمی ئاستی زانستیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناچار دەکرێن بەشەوانەی دیکەی پسپۆرییەکانی تر وەربگرن لە ناوەندەکان کە پسپۆڕی خۆیان نیە.

ئەحمەد فەیسەڵ سالار، پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (چرچەقلا)ی بنەڕەتی لە ناحیەی شێخ تەویل، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکان بەهۆی ئەوەی کە بەشێکیان پسپۆڕی خۆیان نین و بەشەوانەی تریان پێدەدرێت ئاستی زانستیان جیاوازترە لەوانەی کە پسپۆڕی خۆیانن، ئەوەی هەیە تەنها بابەتەکان دەگەیەنن بە قوتابی".

وتیشی: من بۆ پەرەدان بە ئاستی زانستیم بابەت و کتێبی تایبەت بە پسپۆریەکەی خۆم دەخوێنمەوە بە تایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەستن بابەتەکانی خوێندنەوە.

باسی لەوەشکرد: بەشێکی زۆری مامۆستایان بەهۆی دۆخەکەوە هێندە بە دوای کارێک دەگەڕێت کە بژێوی ژیانی پێ دابین بکات هێندە بە دوای زانست و پەرەدان بە ئاستی زانستی خۆی نیە بە تایبەت مامۆستایانی گرێبەست کە دورترین جێگەیان بۆ داناوین وە مانگی (٢٥٠)هەزار موچەکەمانە.

**ب. قۆناغی ئامادەییەکان:**

مامۆستایان دەڵێن بەهۆی پێشکەوتنی ئاستی زانست مامۆستا پێویستی زیاتری بە گرنگیدانە بە لە لایەنی زانست و مەعریفی، بە تایبەت لە ئێستادا کە بەردەوام گۆڕانکاری لە مەنهەجەکانی خوێندندا دەکرێت.

ئەسما عەبدولجەبار سەفەر، پسپۆڕی بیرکاری لە قوتابخانەی ئامادەیی (حەمرین) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "زۆرێک لە مامۆستایان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە بە توانای خۆیان دەدەن و ئاستی زانستیان بەرەو پێش دەبەن، چونکە زانست پێشکەوتوە و ئەوانیش زیاتر لە کەسانی تر پێویستیان بە زانست و مەعریفە هەیە، بۆ ئەوە چ لە بەرامبەر خوێندکاران چ لە دەرەوەی ناوەندەکان توشی هەڵە و گرفت نەبن و بە هەڵە وەڵام بدەنەوە".

وتیشی: بە شێک لە مامۆستایان کێبڕکێ دەکەن لە نێوان خۆیان ئەمەش لە چاو ساڵانی پێشوتر باشترە و مایەی دڵخۆشیە، چونکە وا دەکات پەرە بە لایەنی زانستی خۆیان بدەن، هەروەها گۆڕانکاری کردن لە مەنهەج زیانی زۆری داوە لە پەروەردە، چونکە زۆرێکی چاولێکەری و هەرەمەکیانە و بێ بەرنامەییە.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن گۆرانکاری کردن لە مەنهەج کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە سەر مامۆستا بە جێ ناهێڵێت ئەوەندەی گرفتی نەبونی تاقیگە و پێداویستی زانستیەکان وایکردوە ئاستی زانستی مامۆستایان لاواز بکات.

دڵشاد غەزبان، پسپۆڕی فیزیا لە ئامادەی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان، دەڵێت: "گۆرانکاری کردن لە مەنهەج هیچ کاریگەری لەسەر مامۆستای باش نیە، ئەوەی کاریگەری هەیە نەبونی تاقیگە و کەمی کاتە کە بوەتە گرفت بۆ ئاستی زانستی مامۆستا، چونکە بەشێکی بابەتەکان بە تایبەت زانستیەکان پێویستی بە تاقیگە هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکە بە تەواوی بگات، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا ناتوانین بڵێین باشن یان خراپن، لەبەر ئەوەی هیچ پێوەرێک نیە بۆ ئەوە".

وتیشی: نەبونی سەرچاوە بە زمانی کوری بۆ بەشێک لە بابەتەکان و زۆر بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لە لایەن مامۆستایانەوە وا دەکات کە دوربن لەوەی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن، هەروەها سەرپەرشتیارانیش هیچ رۆڵێکیان نیە لە ناوەندکانی خوێندن، دەشتوانم بڵێم زیادەن لە بەر ئەوەی لە سەردانەکانیان نەیان توانیوە هەڵسەنگاندنی زانستی بکەن.

باسیلەوەشکرد: کێبڕکێ لە نێوان مامۆستایان لە ناوەندەکان ئاستی زانستی مامۆستایان بەرز ناکاتەوە، ئەگەر هەشبێت زیاتر بۆ ئەو مامۆستایانەیە کە دەورات دەکەنەوە بۆ خوێندکاران بۆ ئەوەی سودی مادی زیاتر بە دەست بهێنن.

بە هەمان شێوە، زەینەب عومەرعەلی، پسپۆڕی فیزیا لە ئامادەی (عەزیز قادر) لە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان تا رادەیەک باشە، بەڵام ئەگەر ساڵانە خولی بەهێزکردن نەبێت ئەوا زۆر باش نابێت و ئەزمونی کەم دەبێتەوە بە تایبەت ئەوانەی کە تازە دادەمەزرێن، بۆیە مامۆستا تا ئاستی زانستی پەرەپێبدات هێشتا کەمە، چونکە هەم بۆ خودی خۆی باش دەبێت و هەم دەتوانێت خوێندکاری باش بەرهەم بهێنێت، لەگەڵ ئەوەش ئێمە ئەو سەرچاوانەی کە بەکاری دەهێنین بە زۆری کتێبەکە خۆیەتی لەگەڵ ئەو مەلزەمەو بابەتانەی کە مامۆستایان خۆیان ئامادەی دەکەن لەگەڵ پرسیارە وزارییەکان".

وتیشی: سەرپەرەشتیاران چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکەن، بەڵام بە هیچ ناگەن چونکە نە سزا هەیە بۆ مامۆستایانی خراپ نە سوپاس و پێزانینیش هەیە بۆ مامۆستایانی بە توانا، لەگەڵ ئەوەش کێبڕکێ هەبێت لە نێوان مامۆستایان ئەوە شتێکی باش دەبێت، چونکە زیاتر وا دەکات پەرە بە توانای خۆت بدەیت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە زانکۆ تەخەروج دەکەی شتێکی وا فێرنابیت وە پەروەردەش خول ناکاتەوە لێرەش دەکەوێتەوە ئەستۆی مامۆستا چۆن ئاستی زانستی خۆی پەرە پێبدات.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن ئەگەر مامۆستایان چەن ئاستی زانستیان باش بێت، رەخنە و گلەیان هەر روبەڕو دەبێتەوە.

عەدنان عەبدوڵڵا، پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکان باشە، چونکە هەریەکە و لە پسپۆڕی خۆی ئەوەی توانیبێتی کردویەتی بە هەمان شێوە ئەوانەشی کە پسپۆڕی خۆیان نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش رەخنە و گلەی هەر هەیە لە سەر ئاستی زانستی مامۆستایان، لەگەڵ ئەوەش زۆر گرنگە مامۆستایان پەرە بە توانای خۆیان بدەن".

وتیشی: لە ناوەندەکانی ئێمە هەتاوەکو ئێستا کتێبخانەیەک نیە تاوەکو مامۆستایان تێیدا دابنیشن و کتێبێک بخوێننەوە یان فکرەی تێدا ئاڵوگۆڕ بکرێت، بۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێت، تاوەکو مامۆستایانیش پەرە بە توانای خۆیان بدەن تێیدا.

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن پەروەردە خۆی گرنگی بە ئاستی زانستی مامۆستایانیش خەڵات بکرێن، ئەمەش وایکردوە مامۆستایان کێبڕکێ نکەن.

بەهار عومەر سەلام، پسپۆڕی زیندەوەرزانی لە ئامادەیی (پێبان) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "ئاستی زانستی لە ناوەندەکەی ئێمە بەگشتی باشن و بەتوانان و بۆ ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی ناوەندەکەمان رەنگی داوەتەوە و بۆ ماوەی چەند ساڵە لە ناوەندەکەمان یەکەمەکانی گەرمیانی تێدایە، لەگەڵ ئەوەش مامۆستا هەیە ئاستی زانستی کەمە نەک کەمە بەڵکو خۆیان هەوڵ نادەن، ئەگینا هەمو مامۆستاییەک بەشی خۆی علمی پێیە لە پسپۆرییەکەی خۆی، بۆیە هەر یەکەو دەکەوێتەوە ئەستۆی خۆی کە چەن پەرە بە توانای زانستی خۆی بدات".

وتیشی: مەنهەجمان هەیە گۆڕاوە کەچی مامۆستای بابەتەکە ئاگای لێنەبوە، کە دەورەش کراوەتەوە هەمو مامۆستایانی نەگرتوەتەوە و لە کاتێکدا هەر یەکجار ئەو دەورەیە دەکرێتەوە، بە نمونەش عەرەبی و زیندەوەرزانی.

باسیلەوەشکرد: زۆر گرنگە مامۆستایان پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن، چونکە مامۆستا چەن فێرخواز تاقی دەکاتەوە فێرخوازیش بە هەمانشێوە، بۆیە پێویستە مامۆستایان زیاتر هەوڵ بدەن، لە ناوەندەکەی ئێمە کێبڕکێ هەیە، خۆم چەند ساڵێکە یەکەمی ناوەندەکەی خۆمانم و سوپاس و پێزانینم پێدراوە دڵخۆش بوم ئەگەرچی تەنها وەرەقەیەکە، بەڵام هەستم بە توانای خۆم کردوە.

گرفتی لاوازی ئاستی زانستی مامۆستایان زیاتر لە زانستیەکان رەنگی داوەتەوە وەک لە وێژەییەکان، چونکە وێژەییەکان بابەتەکانی ئاسانترن ئەمەش بە وتەی مامۆستایان.

جوانە ناسح عەبدولفەتاح، پسپۆڕی مێژو لە قوتابخانەی ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان تا رادەیەک زۆر باشە، چونکە بابەت کۆمەلایەتیەکان بابەتێکی چیرۆک ئامێزە چ بۆ خوێندکار چ بۆ مامۆستایانیش، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایان پێویستە پەرە بە توانای خۆیان بدەن و ئاستی زانستیان بەرز بکەنەوە بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندیدارن بە هەر یەک لە پسپۆڕییەکان".

وتیشی: تا پێش قەیرانی دارایی سەرپەرشتیاران رۆڵی باشیان هەبو لە ناوەندەکەن، بەلام ئەم یەک دوساڵەی دوای کاڵ بوەتەوە، هەروەها مامۆستایان تا چەن کێبڕکێ بکەن کەمە، چونکە وا لە مامۆستا دەکات بە گوڕو تینی زیاترەوە وانە بڵێتەوە.

باسی لەوەشکرد: گۆڕانکاری کردن لە مەنهەج سلبیاتی زۆرترە تا ئیجابیات.

## ٥. رای بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لەسەر توانا و ئاستی زانستی مامۆستایان:

بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن چ لە قۆناغی بنەڕەتی چ لە ئامادەیی کۆمەڵێک هۆکار باسدەکەن بۆ کەمی ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن، قەیرانی دارایی و مەنهەج دیارترینیانە.

### ا. بەڕێوبەرانی قۆناغی بنەڕەتیەکان

گرفتی لاوازی ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن لەسەر وانەی زانست و بیرکاری رەنگی داوەتەوە بەهۆی گۆڕینی مەنهەجەکەی، ئەمەش گرفتی بۆ مامۆستایان دروست کردوە.

عەلی حسێن حەسەن، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاشنا)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایانی ئێمە ئەوەی کە خراپە وانەی بیرکاری و زانستە کە کراوە بە ئینگلیزی، ئەگینا ئەوەکانی دیکەمان باشن خراپ نین، بەڵام ئەو دو بابەتە خراپن، چونکە مامۆستامان هەیە هیچ ئینگلیزی نازانێ راستە دەورەیەکی یەک مانگی کرایەوە، بەڵام هیچ سودی نەبو، چونکە مامۆستا بە (٢٠) ساڵ فێری ئینگلیزی نەبێت بە مانگێک چۆن فێردەبێت، بۆیە پێویستە پێش گۆڕینی مەنهەجی بابەتێک مامۆستاکە پێبگەیەنرێت".

وتیشی: هەڵسەنگاندنم کردوە بۆ مامۆستایان پێشتر، بەڵام لەوەتەی قەیرانەکە هاتوە هەڵسەنگاندنم نەکردوە بۆیان، ئەمساڵیش سەرپەرشتیاران هاتن بۆ سەردان هەڵسەنگاندنیان کردوە بەس هیچ سودێکی نیە، چونکە نە سزا هەیە نە پاداشت، ئەوەی دەکرێت تەنها رۆتینە، من مامۆستای وام هەیە گوناحە پێی بوترێت مامۆستا بەڵام هیچ سزایەک نیە، هی واشم هەیە باشە و هیچ پاداشتێکی نیە.

قەیرانی دارایی کاریگەری کردوەتە سەر ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن و چەندین گرفتی بۆ دروست کردون بەتایبەت لەسەر ئاستی زانستیان. ئەمە بە وتەی بەڕێوبەرێک.

عەباس حەمید مەحمود، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئۆمەر سۆفی)ی بنەڕەتی لە ناحیەی نەوجول لە قەزای کفری، دەڵێت: "مەنهەجەکە تا رادەیەک باشە، بەڵام زۆرە زۆر مامۆستا فریای تەواوکردنی ناکەوێت، ئاستی زانستی

مامۆستایانیشم باشە تەنها ئەم دو ساڵەی دوای نەبێت بەهۆی دۆخەکەوە کە دەوام نەبوە هەندێک گرفتمان بۆ دروست بوە".

وتیشی: مانگی جارێک سەردانی پۆل دەکەم و هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستاکانم دەکەم دواتر بە فۆرم ئاراستەی سەرپەرشتیارانی دەکەم ئەوانیش وەڵامی خۆیان دەبێت.

بە هەمان شێوە، فەرەیدون عەبدوڵا مستەفا، بەڕێوبەری قوتابخانەی (گڵێجاڵ)ی بنەڕەتی لە ناحیەی بەمۆ، دەڵێت: "مامۆستاکانمان لە روی زانستی باش و بێ عەیبن ئەوەی لە توانایان بێت دەیکەن، ئێمە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین، بەڵام بەهۆی دۆخەکە و قەیرانەوە کەمتر ئەوە کراوە، چونکە ساڵی پار بە هەموی دو مانگ دەوام هەبوە دەرفەتی هیچ نەبو".

وتیشی: مامۆستایان توانیویانە بە پێی توانای خۆیان مەنهەج بگەیەنن بە قوتابیان، لەگەڵ ئەوەش ئەم سیستەمە کە هەیە قورسە بۆ قۆناغی بنەڕەتیەکان بە تایبەت بازنەی یەکەم، چونکە دو بەرگە.

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوەدەکەن ئەو مامۆستایانەی تازە دادەمەزرێن ئاستی زانستیان کەمترە و پێویستە پەرە بە توانای خۆیان بدەن بۆ ئەوەی سود بە قوتابی بگەیەنن.

محەمەد کەریم عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هۆشیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "مامۆستایان ئەکەوێتەوە سەر ئاستی خوێندنەوە و هەوڵدانی خۆی لە دەرەوەی ناوەندەکان کە چەند پەرە بە توانای خۆیان بدەن تا چەندەش ئاستی زانستیان پەرە پێبدەن بۆ خودی خۆیان باشترە، بە تایبەت ئەوانەی کە دەرئەچن لە زانکۆکان، چونکە وەک پێویست فێرناکرێن، هەروەها ئاستی زانستی مامۆستای ئێستا ٥٠% لەگەڵ مامۆستایانی کۆن جیاوازە دەتوانم بڵێم ئەوان نمونەی مامۆستابون، سەرەڕای بونی چەندین گرفت سەرکەوتوتر بون".

وتیشی: مەنهەج بە گشتی باشە، بەڵام بابەتی زانست و بیرکاری لە قۆناغی بنەڕەتی کە کراوە بە ئینگلیزی ئەمە خراپە، چونکە مامۆستاکانی ئەو بابەتانە بۆ ماوەی چەندین ساڵا بە کوردی وانە ئەڵێنەوە ئێستا لە پڕ بوە بە ئینگلیزی ئەمەش وای کردوە وەک خۆی نەگات بە قوتابیان.

بەڕێوبەری ناوەندەکان ئەو راستیە ناشرنەوە کە مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن بە گشتی ئاستی زانستیان لاوازە لە ئێستادا ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە یەکێک لەوانە مەنهەجە.

ئەسعەد یاسین سەمین، بەڕێوبەری قوتابخانەی (مەشخەڵان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، دەڵێت: " ئاستی زاستی مامۆستایانی ناوەندەکەمان دابەزینێکی زۆری پێوە دیارە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە ناتوانین تەنها

مامۆستایان بە تەنها تاوانبار بکەین، بەڵکو مەنهەج و قوتابیانیش خۆیان هۆکارن بۆ ئەوەی کە ئاستی زانستی مامۆستایان بە لاواز ببینرێت، تەنانەت مامۆستایانی کۆن باشترن لەوانەی کە بە وانەبێژ یان بە گرێبەست دادەنرێن جیاوازییەکی زۆریان هەیە، باشیەکەش ئەوەیە کۆمەڵێک مەنهەج گۆراوە و ئەزمونیان وەرگرتوە تەنانەت وەک قوتابی سەعی دەکەن".

باسیلەوەشکرد: مامۆستاکانمان لە ئاستدا دیاری کردوە (ناوەند و باش و زۆر باشەن) بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنەی بۆم کردون ساڵانە.

### ب. بەڕێوبەرانی قۆناغی ئامادەییەکان

لە نێو بەرێوبەرەکاندا دو رای جیاواز هەیە هەندێکیان لە ئاستی مامۆستاکانیان رازین و راکەی دیکەش ئاستی زانستی مامۆستایانیان پێ باش نیە.

یونس هیدایەت قاسم، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان بەندە لەسەر خودی مامۆستاکە خۆی کە چەن هەوڵبدات و پەرە بە توانای خۆی بدات لە پسپۆڕی خۆی، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، من لە ساتی زانستی مامۆستاکانی خۆم رازیم و خراپ نین، هەوڵی تەواویش دەدەن بۆ ئەوەی زانیاری بە خوێندکار بگەیەنن، بۆیە بە پێی پێویست هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ دەستخستنی زانیاری چ لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بێت یان ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە لەلایەن مامۆستایان خۆیانەوە بێت، تەنانەت من مامۆستای وام هەیە هێندە بە توانا و دەست رەنگینە بەنیازم پێشانگای بۆ بکەمەوە".

وتیشی: گۆڕانکاری کردن لە مەنهەج کاریگەری خۆی هەیە چ لەسەر خوێندکار چ لە سەر خودی مامۆستایانیش، بەهۆی ئەوەی کە خولی شیاندن و بەهێزکردن نیە، هەروەها پێویستە مامۆستاکە رابهێنرێت دواتر مەنهەج بگۆڕێت نەک بە پێچەوانەوە، ئەم گرفتەش زیاتر لە قۆناغی بنەڕەتی هەیە وەک لە ئامادەیی.

بە هەمان شێوە، عومەرعەلی محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتی ئاستی زانستیان لە نێوان ناوەند و باش دایە، چونکە ئەوەی لە زانکۆکان وەریان گرتوە جیاوازیەکی ئەوتۆی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر نیە، تەنها حاڵەت هەیە کە زۆر باش بێت یاخود زۆر خراپ بێت، لەلایەکی تر بەهۆی ئەو بارودۆخەی پەروەردەی هەرێم پێدا تێپەڕ ئەبیت ئەتوانم بڵێم ڕۆژ بەڕۆژ ئاستی زانستی

خوێندکار و خودی مامۆستاش خراپتر ئەبێت، گەر بەم شێوەیە بەردەوام بین لە ساڵانی ئایندە لێ کەوتەی زۆر خراپی دەبێت".

وتیشی: هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی مامۆستا و بەشداری کردن لە وانەکانیان ماوەی چەند ساڵێکە تەواوی خشتەی وانەکان و شێوازی دەوام و کاتەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بەهۆی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن هیچ چاودێرییە لەسەر مامۆستا و بەشە وانەکانی نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها کات بەڕێکردن و تێپەڕاندنی ساڵانەی خوێندنە، نەک ئێمە سەرپەرەشتیارانیش سەردانی ناوەندەکان ناکەن بە تایبەت گوندەکان، ئەمەش هۆکارێکی ترە کە وایکردوە مامۆستایان کەمتر گرنگی بە لایەنی زانستی خۆیان بدەن.

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن بەهۆی بونی بایکۆت و نەبونی دەوامی تەواو بۆ ماوەی چەند ساڵە هیچ هەڵسەنگاندنێک بۆ مامۆستایان ئەنجام نەدراوە بۆ ئاستی زانستیان.

کامەران عەزیز حسێن، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە کەلار دەڵێت: "نەک هەر ئێمە لە تەواوی ناوەندەکان ناتوانین بڵێین هەمو مامۆستایەک باشە و رازین، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان مامۆستایەک بۆ یەکێکی تر، راستە مامۆستامان هەیە ئاستی زانستی زۆر باشە، هەروەها هەشمانە باشە بەڵام رەنگە توانای گەیاندنی نەبێت و زانیاری بە خوێندکار بگەیەنێت".

وتیشی: بەهۆی کەمی دەوام و بایکۆتەوە نە خودی خۆمان نە سەرپەرشتیاران هەڵسەنگاندنمان نەکردوە و نەمان توانیوە هەق بە مامۆستایان بدەین، لەگەڵ ئەوەش گۆڕانکاری کردن لە مەنهەج کاریگەری خۆی دەبێت لە سەر ئاستی زانستی مامۆستایان، بۆیە بۆ هەر بابەتێک باشترە تەواوی کتێبەکە بگۆڕدرێت نەک بەش بەش، چونکە هەم مامۆستا و هەم خوێندکاریش رادێت لەگەڵی، کردنەوەی خول گرنگە بۆ مامۆستایان و ئەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان مامۆستایان.

ئەو گۆڕانکارییانەی بەردەوام لە مەنهەجەکاندا دەکرێت بە یەکێک لە هۆکارەکانی کەمی ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکان دادەنرێت.

تەیب فەرەج سەمین، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (چوارملانی تێکەڵ) لە ناحیەی شێخ تەویل، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن خۆم هیچ لێی رازی نیم لە ئێستادا، یەکێک لەو هۆکارانەش گۆڕانی مەنهەجە یەک لە دوای یەک بەبێ ئەوەی خول هەبێت ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئاستی لاوازی مامۆستا لە روی زانستی کە شارەزای تەواوی لە بابەتەکان نیە، یەکێکی تر لە هۆکارەکان دامەزراندنی مامۆستایان بە هەرەمەکی و بەبێ لێکۆڵینەوە و بەبێ فلتەری تایبەت ئەمە یەکێکی ترە لە هۆکارەکان".

وتیشی: کەمامۆستایەک دادەمەزرێنرێت پێویستە بە سێ فیلتەر تێبپەڕێت یەکێک لەوانە ئەبێت بزانرێت ئەو مامۆستایە لە پسپۆرییەکەی خۆی چی پێیە، دەبێت لایەنی پەروەردەی ئەو مامۆستایە هەڵبسەنگێنرێت تا بزانرێت لە چ ئاستێکدایە و ئەمەش بە پسپۆڕی شارەزا بکرێت، هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێت کە ئەو مامۆستایە توانای گەیاندن و دەربرینی چۆنە و تا چەن دەتوانێت لەگەڵ خوێندکار بێت، چونکە ئێمە مامۆستای وامان هەیە شەرم دەکات یان هی وامان هەیە توانای نوسینی کتێبێکی هەیە، بەڵام ناتوانێت بیست دەقە قسە بکات.

باسیلەوەشکرد: ئێمە پەیمانگایەکمان هەیە خولی هەیە بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژە ئەمە کاتەکەی کەمە پێویستە گرنگی پێبدرێت، لەگەڵ ئەوەش خول هەیە مامۆستایان پابەندن نابن پێوەی وەک پێویست هی وا هەیە بۆ کات بەرێکردن دەروات، تەنانەت کە لە خولەکەش دەرناچێت دەورەکەی پێ ئەکەنەوە، بۆ هەریەک لەمانە هیچ ئیجرائاتێک نیە، بۆیە پێویستە مامۆستا ناچاربکرێت ئەگەر دەرنەچو لە تاقیکردنەوەی خولەکە بکرێت بە فەرمانبەری پەروەردە نەک مامۆستا.

هەندێک لە بەڕێوبەران دەڵێن هەڵسەنگاندنیان بۆ مامۆستایانیان ئەنجام داوە و دراوە بە یەکەی سەرپەرەشتیاری پەروەردە و بەدواداچون کراوە، بەڵام هیچ ئیجرائاتێک بەرامبەر بە مامۆستایان ئەنجام نادرێت لە ئێستادا.

هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "لە ئاستی زانستی مامۆستاکانمان رازیم بە رادەیەکی باش، وە لە پۆلدا سەردانیان دەکەم و هەڵسەنگاندنم بۆیان کردوە و بە راپۆرت داومە بە سەرپەرشتیار ئەوانیش وەڵامی خۆیان هەبوە، تەنانەت ئەوانەشی باش نەبون بەدیلیان خستوەتە جێگەی، ئەگەرچی ئەوە دو ساڵە هیچ ئیجرائات و سەردانێکیش نەماوە".

وتیشی: ئەم سیستەمەی کە هەیە لە ناوەندەکان سەرکەوتوە و کەوتوەتەوە ئەستۆی مامۆستایان چۆن بابەتەکە بە خوێندکاران دەگەیەنن، چونکە ئاسانە و بەشێکی زۆری بابەتەکە بە وێنە رونکراوەتەوە و بە ئاسانی لە بابەتەکە دەگەی باشترە لە مەنهەجی ساڵانی پێشوتر.

بەهەمان شێوە، شەهاب ئەحمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (حەمرین) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ناتوانرێت ئاستی زانستی مامۆستایان بپێورێت بە باش یان بە خراپ، چونکە ئاستەکان جیاوازیان هەیە، بەڵام لێرەدا شتێک هەیە ئەویش ئەوەیە سیستەم و مەنهەج نوێیە و بە شێوازی کۆن دەخوێندرێت، هۆکاری ئەمەش نەبونی پێداویستی زانستی بابەتەکانە کە هەر بە تیۆری دەخوێندریت.

وتیشی: ئەگەر مامۆستایان چەند باشبن یان خراپ بن هیچ پاداشت و سزایەک نیە تەنها بۆ پۆلی دوانزەکان نەبێت ئەویش لە کاتی هەبون یان نەبونی نمرەدا.

**٦. سەرپەرشتیارن رۆڵیان چیبوە لە پەرەدان بە ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن؟**

لە پاش قەیرانی داراییەوە بە رادەیەک زۆر پەروەردە لە پاشەکەشدایە بە جۆرێک بەشێک لە مامۆستایان خۆیان دەڵێن تەنها بەرێکردنە نەک گرنگی پێدان، لەم نێوەندەشدا قەیرانی دارایی کارەکانی سەرپەرشتیارانیشی لاوازکردوە.

مەجید حەمید ساڵەح، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆری زانستەکان لە پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن هەمە چەشنە کەم مامۆستامان هەیە نایاب بێت و ئاستەکانی تریشمان هەیە بە لاوازیشەوە، بەهۆی ئەوەشی کە ماوەی چەند ساڵێکە هەڵسەنگاندن نیە لاواز دانەنراوە، لە کاتێکدا بە پێی رێنمای وەزارەتی پەروەردە ئەبێت ئەوانە بچنە خولەوە ئەگەر باش نەبون ئەوە ئەبێت ناونیشانیان بگۆڕدرێت و بکرێت بە فەرمانبەر، بەڵام ئەمە نەکراوە تاوەکو ئێستا، ئەگەرچی رێژەی مامۆستایانی لاواز کەمە، هۆکاری ئەمەش دامەزراندنی مامۆستایانە بە هەرەمەکی بەبێ ئەوەی هیچ فلتەرێک هەبێت بۆیان".

وتیشی: ئێمە مامۆستامان هەیە لە ناوەندەکان عەرەبە و مەنهەجی کوردی ئەڵێتەوە، مامۆستام هەیە ئەڵێ تێناگەم بابەتەکە باسی چی دەکات، چونکە خوێندنی کوردی نەبوە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە بەشێکی زۆری مامۆستایانی ناوەندەکان بەشەکانی (ئامادەیی پیشەیی، کشتوکاڵ، بازرگانی، هتد.....) تەنانەت هەمانە هەر ئامادەی تەواو کردوە وانە ئەڵێنەوە، لە کاتێکدا خۆی دەبێت کۆلێژی پەروەردە و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان وانە بڵێنەوە لە ناوەندەکان، ئیتر چۆن ئاستی زانستی مامۆستا لاواز نابێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: مامۆستای وامان هەیە هەر زیانن بۆ ناوەندەکان، هی واشمان هەیە بە مانا مامۆستان.

بە هەمان شێوە، یونس ئەحمەد مەحمود، سەرپەرشتیاری پەروەردەی پسپۆری بیرکاری لە پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "ئێمە بۆ ماوەی سێ ساڵە هەڵسەنگاندنمان نەکردوە بۆ مامۆستایان بەهۆی دۆخەکە، بەڵام لە ساڵانی پێشوتر کردومانە و بەردەوام سەردانی ناوەندەکانمان کردوە، ئەگەرچی لە نێوان مامۆستای باش و خراپ هیچ پاداشت و سزایەک نیە، لە کاتێکدا بە پێی رێنمای وەزارەت دەبوایە ئەوانی ئاستی زانستیان باش نیە ناونیشانیان بگۆڕدرێت، وە ئەوانەشی ناوەندن خولی (٣) مانگیان بۆ بکرێتەوە کەچی ئەوەش لە گەرمیان نەکراوە، بەڵام ئەمە لە ناوەندە ئەهلیەکان وانیە".

وتیشی: ئێمە بە پێی ئەوەی کە پێویست بوە کردومانە بۆ ئەوەی مامۆستایان ئاستی زانستیان بەرز بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش راستە ئەم چەند ساڵەی دوایی وەک پێویست رۆڵمان نەبوە بەتایبەت لە لادێیەکان، چونکە ئەوە بە فەرمان

کراوە نەک بە ویستی خۆمان، هەروەها هەر گۆڕانکارییەکیش لە مەنهەج کرابێت ئێمە نەمانزانیوە کراوە و دواتر پێیان وتوین، ئەوەش کە لەسەر ئێمە بوە خولیان بۆ بکەینەوە، کەچی ئەوەش نەماوە.

سەردانەکان و هەڵسەنگاندنەکان نەک لە قۆناغی بنەڕەتی، بەڵکو لە ئامادەیش نەماوە ئەوەی هەیە تەنها بۆ پۆلی دوانزەیە، ئەمەش وایکردوە لاوازی ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکان بمێنێتەوە.

قادر فایەق عەبدلقادر، سەرپەرشتیاری پسپۆری فیزیا لە سنوری پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: "بە کۆی گشتی لە دوای ئەم قەیرانە دەتوانم بڵێم رۆڵی سەرپەرشتیار لاواز بوە لە ناوەندەکانی خوێندن، چونکە ناتوانین وەک جاران سەردان بکەین و هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ ئاستی زانستی مامۆستایان بکەین، ئەمەش لە ساڵانی پێشوتر بە پێچەوانەوە بو".

وتیشی: ئەگەر ئاستی زانستی مامۆستایان باش نەبێت ئەوە داخڵی دەورەی دەکەین، ئەگەرچی ئەویش نەماوە وەکپێویست، هەروەها ئەوەی لەسەر ئێمە بوە لە ساڵانی پێشوتر کردومانە چ لە پێدانی رێنمای چ لە وانە وتنەوە چ لە ئەدای زانستی، بۆیە بەهۆی دۆخەکەوە ئەمانە وەستاوە و وەک پێویست نیە وە هەڵسەنگاندنیش نەماوە، بەهۆی ئەوەش نە سزا ماوە نە رێز و سوپاس.

بە هەمان شێوە، وەهاب ئەحمەد محێدین، سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێڕی لە سنوری پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: "لە قۆناغی ئامادەی وەک یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی گەرمیان ئەوەی لە توانامان بێت کردومانە چ کارگێڕی چ پسپۆری، لە سەردانەکانیشمان زیاتر جەختمان لەوە کردوەتەوە کە لە رێگەی ئیدارەوە بەدواداچون بکرێت بۆ ئاستی زانستی مامۆستایان چۆنە و چیە".

وتیشی: هەڵسەنگاندنمان وەستاوە بەهۆی دۆخەکەوە، ئەوەی هەیە تەنها بۆ قۆناغی (١٢)یە، هەر مامۆستایەک باش بێت ئەوە رێز و سوپاسی پێشکەش دەکرێت، وە ئەوەش خراپ بوبێت وەزارەت پێی وتوین کە وەک خۆیان بمێنێتەوە، بۆیە بۆ قۆناغەکانی دیکە نەماوە وەک پێویست ئاگامان لە ئاستی زانستی مامۆستایان نیە.

## ٠٧ ڕای بەڕێوبەرانی پەروەردە لەسەر ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن

سەبارەت بە ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەدەکانی خوێندن بەڕێوبەرانی پەروەدەی گەرمیان و کەلار و کفری، کۆمەڵێک هۆکار دەخەنەڕو، دیارترینیان نەبونی خول و بینای پێوستە بۆ فێرخوازان لە گەرمیان، ئەمەش کاریگەی خراپی کردوەتە سەر کەرتی پەروەردە و مامۆستایانیش، پاساویشیان قەیرانی داراییە.

عەدالەت لەتیف عوبەید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "من ناتوانم بڵێم مامۆستا کەمتەرخەمە، چونکە بابەتەکە گشگیرە، دواتر مامۆستا خەریجی زانکۆ و پەیمانگاکانە مومارەسەی پسپۆری خۆی کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێویستە خول هەبێت بۆ ئەوەی بە بەردەوامی داهێنان و پەرەپێدان بە پسپۆرییەکان هەبێت، بەڵام بەهۆی دۆخەکە هەمو شت پێچەوانە بوەتەوە، سەرەنجام هەموی دەگەڕێتەوە بۆ بودجەی پێویست".

وتیشی: بۆ ئەوەی ئاستی زانستی مامۆستا بچێتە پێشەوە دەبێت بە بەردەوامی خول هەبێ و دواتر بینا دروست بکرێت بۆ ئەوەی ژماری فێرخوازان کەم بن لە پۆلدا، ئێمە وا ناوەندمان ئەبێتەوە بە سێ دەوامی، هەروەها مامۆستا هێندە بیری لای موچەو بژێوی ژیانیەتی، چۆن بتوانێت خوێندنەوەی دەرەکی بکات تا ئاستی زانستی خۆی پەرە پێبدات، ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە وا دەکات مامۆستا کەمتەرخەم بێت.

باسیلەوەشکرد: بۆ ماوەی سێ ساڵە سەرپەرشتیاران سەردانی ناوەندەکانیان نەکردوە ساڵی پار نەبێت، هیچ هەڵسەنگاندنێکیش نەکراوە ئەوەشی کراوە تەنها بۆ قۆناغەکانی ( ٩ و ١٢)ە بوە، ئەوە ئاستی زانستی زۆر باش بوبێت سوپاس و پێزانینی پێدراوە ئەوەشی لاواز بوبێت وەکخۆی ماوەتەوە و سزا نەدراوە بە پێی ڕێنمای وەزارەت، بۆیە ئەگەر وەزعی دارایی و خول باش ببێت مامۆستایان عەیبیان نیە، بەڵام کە نەبێت خراپتر دەبێت.

"ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن هەمە چەشنە زۆر باشی تیایە و لاوازیشی تیایە، ئەگەرچی بۆماوەی چەند ساڵە هەڵسەنگاندن نیە بۆیان، بەڵام ئەوەی باش بێت سوپاس پێزانینی وەرگرتوە ئەوەشی خراپ بێت ئەو فۆرمەی بۆیان کراوە چوەتە دۆسییەی تایبەت بە خۆیان، تەنانەت مامۆستامان هەبوە تەقدیمی کردوە بۆ سەرپەرشتیاری ئەو ئاستی زانستیەی بۆ بەکار هاتوەتەوە کە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە". ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، سەبارەت بە ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن وای وت.

وتیشی: لەوەتەی خۆم تەلەبە بوم و بە ئێستاشەوە نەبوە لە ناوەندی حکومی مامۆستای باش لە خراپ جیا بکرێتەوە، ئەمە تەنها لە قوتابخانە نمونەییەکان دەکرێت، ئەگەریش لە یەک جیا بکرێنەوە ئەوە خراپتر دەبێت ئەوانەی کە ئاستی زانستیان لاوازە.

سەبارەت بە ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: ناتوانرێت دیاری بکرێت کە ئاستیان چۆنە، بەڵام مامۆستامان هەبوە سزا دراوە بەهۆی کەمی ئاستی زانستیان.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایان لە ناوەندەکان ناتوانرێت دیاری بکرێت، چونکە لە زۆر باشەوە هەیە هەتا دەگاتە لاواز".

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان سەبارەت بە پەرەدان بەتوانای زانستی مامۆستایان دەشڵێت: کەوتوەتەوە سەر خۆیان کە چەن پەرە بە توانای خۆیان دەدەن بە مومارەسەکردنیان بۆ بابەتەکان بەدەر لە مەنهەج، بۆیە سەرەرای ئەوەی مامۆستایان دەرچوی ناوەندێکی ئەکادیمین هەر خولی شیاندن و بەهێزکردنیشیان بۆ کراوەتەوە چ لە مامۆستایان چ لە بەڕێوبەران چ لە سەرپەرەشتیاران لە ماوەی رابردو".

وتیشی: ئەو مامۆستایانەی ئاستی زانستیان باشە سوپاس و پێزانینیان پێشکەش کراوە ئەوانەشی کە لاواز بون بە سەدان مامۆستا سزای کارگێڕی و ئینزار کردن دراون، ئەگەر چی بەهۆی دۆخە داراییەکەوە ئێستا هەڵسەنگاندن تەنها بۆ قۆناغەکانی (٩ و ١٢)یە، ئەوانەشی کە باشن سوپاس و پێزانیناین پێشکەش دەکرێت، بەڵام لاوازەکان سزا نادرێن و وەک خۆیان دەمێننەوە ئەمە بە پێی رێنمای وەزارەت.

باسیلەوەشکرد: هەر خولێک کە دەکرێتەوە مامۆستایان ئیجبارن کە پابەندی خولەکە بن، ئەگەر نا ئەوە دیسان بەشدرای پێدەکرێتەوە لە خولی دیکە.

## بەشی سێیەم: راسپاردە

١. لەگەڵ هاتنی قەیرانی دارایی تاوەکو ئێستا رەوشی پەروەردە لە پاشەکەشەدایە بە تایبەتی ئاستی زانستی مامۆستایان، بەجۆرێک کە مامۆستایان لەبری ئەوەی ئاستی زانستیان گەشە پێبدەن بە دوای کاری دیکەدا دەگەڕێن بۆ بژێویان.

٢. کەمکردنەوەی رۆڵی سەرپەرشتیاران و ئەنجامنەدانی هەڵسەنگاندن وایکردوە مامۆستایان کێبرکێ لە نێوانیاندا نەمێنێت و ئاستی زانستیان پشگوێ بخەن.

٣. جێبەجێنەکردنی بریاری وەزارەت بەوەی هەر مامۆستایەک ئاستی زانستی خراپ بێت ناونیشانی لە مامۆستاوە بگۆڕدرێت بۆ فەرمانبەر، مامۆستایانی بێ باک کردوە لە خراپی ئاستی زانستیان.

٤. نەبونی پاداشت و سزا بۆ مامۆستایان و جیانەکردنەوەی مامۆستای باش و خراپ وایکردوە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان گرنگی نەمێنێت و وەکو کارێکی روکەش سەیر بکرێت.

٥. کۆنی شێوازی دامەزراندن و بە هەڕەمەکی دامەزراندن بوەتە هۆی ئەوەی ئەو مامۆستایانەی دادەمەزرێنرێن بە هیچ فلتەرێکدا تێنەپەرن و هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکرێت کە دواجار کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت.

٦. گرنگی نەدان بە کردنەوەی خولی درێژخایەن بۆ مامۆستایان تاوەکو بتوانن لەو رێگەیەوە ئاستی زانستیان پەرەپێبدەن، یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی کەمبونەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان.

٧. گۆڕینی مەنهەج بە بەردەوامی و بە بێ ئامادەکاری پێشوەختە، بەشی زۆری مامۆستایانی روبەروی گرفت کردوەتەوە و ناتوانن وەکو پێویست وانەکە بگەیەنن بە فێرخواز.

**❊ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان**

**١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**٢. زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە**

**٣. رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی**

**❋ بۆپەیوەندی:**

**٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ –٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦**

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org